هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٩) لە ٢٠١٩/٩/٤

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥) لە ٢٠١٩/٩/٤، بڕیاردرا بە:

١. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا بە شێوەی فەرمی و دامەزراوەیی بێت و لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەنجام بدرێن.

٢. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کار و دەسەڵاتی وەزارەتەکان و بە جۆرێك ڕێکبخرێت کە نەبێتە هۆی زیادکردنی ڕۆتین و ڕێگەگرتن لە برەوپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندا.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران